International Organization for Migration (IOM)
The UN Migration Agency

# ڕاهێنانی پیشەیی لە عێراق

ئەگەر بە شێوەیەکی خۆویستانە بگەڕێیتەوە لە وولاتی سویسرا بۆ عێراق وە مافی وەرگرتنی یارمەتی گەرانەوەت هەبێت, ئەوە مافی ئەوەت دەبێت بەژداری بکەیت لە هەر جۆرە راهێنانێکی پیشەیی بۆ بە دەستهێنانی بەهرەیەکی نوێ. بۆ ئەم مەبەستە تۆ تەنها پێویستە پەیرەوی ئەم خاڵانە بکەیت:

- پەیوەندی بکە بە رێکخراوی IOM لە یەکێك لە نوسیگەکانی لە عێرق( بەغداد, بەسرا , دهۆك, هەولێر, سولێمانیە)
- لە کاتی وەرگرتنی رێنمایی و راوێژی دەتوانی باس لەم جۆرە پیشەیە بکەیت کە تۆ ئارەزووت هەیە ئەنجامی بدەیت لە داهاتوو, کارمەندانی IOM بە پێی توانا هەوڵ دەدەن ئەو راهێنانەی تۆ دەتەوێت وە بە هیوایت فێری بیت بۆت دابین بکەن وە بیگونجێنن لەگەڵ ئەو راهێنانە پیشەیانەی کە بەردەستن
- ئەوەیی پێویستە تۆ ئەنجامی بدەیت تەنها بریتیە لە چوونت بۆ شوێنی راهێنانی پیشەیی وە بەژداربوون لەم خولی راهێنانە پیشەیەیی کە خۆت هەڵت بژاردووە بە هەماهەنگی لەگەڵ رێکخراوی IOM.
- لە کۆتایی هەر خولێکی راهێنانی پیشەیی بروانامەی فێربوونی ئەو بەهرە نوێیە دەبەخشرێت بە کەسی بەژداربوو .

دەتوانیت لە راهێنانە پیشە جیاوازەکان کە بەردەستن یەکێك هەلبژێریت بۆ نمونە راهێنانی پەرەپێدانی بەرێوەبردنی کاری بچوك , خولی فێربونی کۆمپیوتەر , خولی فێربونی زمان.

بروانامەی فێربوونی یەکێك لە بەهرەکان بەدەست بێنە بە بێ هیچ تێچوونێك ( تێچونی خولەکە , ئامرازەکانی فێربوونی بەهرەکان وە گواستنەوەت بۆ شوێنی خوول لە لایەن رێکخراوی IOM دابین دەکرێت)

## زانیاری گرنگ

**تێچوون** : ئەم راهێنانە پەیوەندی نابێت بە هیچ برە پارەیەکی تر کە وەری دەگریت وەك یارمەتی گەرانەوەی خۆبەخشانە, بە تەواوەتی بە خۆرایی دەبێت .

**ماوەی خوول:** ماوەی خوولی راهێنانەکە لە نێوان 4 بۆ 12 هەفتە دەبێت (بە گوێرەی کاتی وانەکان دەبێت لە هەفتەیەك)

**ئامرازەکان:** ئامرەزەکانی فێربوون بەرجەستە دەکرێت

**مافی بەژداری بوون :** هەر کەسێك کە بە شێوەیەکی خۆویستانە بگەرێتەوە لە وولاتی سویسرا وە سوودمەند بێت لە یارمە تی گەرانەوەی خۆویستانە وە تەمەنی لە نێوان 18 بۆ 50 سال بێت مافی ئەوەی دەبێتە بەژدار بێت لەم راهێنانە پیشەیە.

**رێکخەرەکان**: رێکخراوی IOM وە رێکخراوە تایبەتەکان , وە هاوبەشە باوەرپێکراوەکان

**گواستنەوە :** تێچونی گواستنەوە بۆ وە هەرووەها گەرانەوە لە شوێنی ئەنجامدانی راهێنانی پیشەیی لە لایەن رێکخراوی IOM دەبێت .

**شوێن :** شوێنی راهێنانی پیشەی دەکرێت لە هەر یەك لەم شوێنانە بێت (بەغداد , بەسرا , دهۆك , هەولێر , سولیمانیە)

**بروانامە**: بروانامەی باوەرپێکراو دەبەخشرێت بە کەسی راهێنراو لە کۆتای هەر خولێکی راهێنان.

**پەیوەندی بە رێکخراوی IOM بکە دوای گەرانەوت بۆ عێراق بۆ ئەوەی بەژدار بیت لەم راهێنانە!**